# کۆرسیەکانی تالەبانی و جعفری لەسەر کینەو کارەساتی قەومیو تائیفیو داروخانی شیرازەی مەدەنیەت  راوەستاون

سەرئەنجام پاش بەریوەبردنی سیناریۆی هەلبژاردنو دوای دوو مانگ کیشمەکیشو بەندوبەستی پشتی پەردە، لەسەر بناغەی دەستتیکەلکردنی ناسیونالیزمی کورد لەگەل ئیسلامی شیعەو راوەستان لە پشتی کاندیدو تەرحە کۆنەپەرستانەکانیان، جلال تالەبانی وەکو سەرۆك كوماری ئەم دەولەتە دەسکەلایەی ئەمریکاو ئیبراهیم جعفریش وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەکەی دیاریکران. هەردوکیان لە ووتارو لیدوانەکانیاندا کە بەم بۆنەیەوە دایان پابەندبوونی خۆیان بە ماهیەتی قەومی بوونو ئیسلامی بوونی ئەم دەولەتە دەستسازەی ئەمریکاوە راگەیاند. بەم جۆرەش نیشانیاندا کە هەمان دەولەتو دەستورو یاسای قەومی–ئیسلامی پیشوی بەعس، لە بەرگیکی تازەدا ناوەرۆکی پەیامی ئەوانە بۆ خەلکی عیراق.

ئەم بە ناو دەولەتە کە بە جەنگو بۆمبارانو داگیرکاریو لولەی تانکەکانی ئەمریکا دامەزراوە، دەولەتیکی داسەپاوو لەرزۆكو پر لە ناکۆکی نەبراوەیە، پشتی بە هیز هاوسەنگیەکی تایبەتی بەستوە کە بە هۆی بونی هیزەکانی ئەمریکاوە پیکهاتووە، ناکۆکیو دژایەتیەکی توندی لەگەل خواستو ئامانجو بەرژەوەندیەکانی خەلکدا هەیە. بە پیچەوانەی هەموو پروپاگەندەکانیانەوە، ئەم بە ناو دەولەتەو گەیشتنی ئەم جەنابانە بە کورسی بەرئەنجامی هیچ خەباتو تیکۆشانو هیچ دەخالەتیکی جەماوەری بە دەنگ هاتوو لە دژی ملهوریو سەرکوتو فاشیزمی بەعس نیە، بەلکو بەرهەمی 12 سال کۆمەلکوژ کردنی خەلکی عیراقە بە چەکی کۆکوژی حصاری ئابوری، بەرهەمی جەنگو کاولکاریو بۆمبارانو داگیرکاریە، بەرهەمی پیشیلکردنی ئیرادەی خەلکی عیراقە. دەولەتیکی لەم چەشنە لەگەل ئاواتەکانی خەلکی عیراق نایاتەوە.

وەرگرتنی پۆستی سەرۆك کۆماری لەلایەن تالەبانیەوە، نە بەلگەی مسۆگەربوونی مافەکانی خەلکی کوردستانە لە ئیستای عیراقدا، نە نیشانەی یەکسانی هاولاتیانە بە دور لە هەویەی قەومیو دینی. بەلکو راستەوخۆ ئەنجامی قولبونەوەی کیشەو ناکۆکی قەومیو دەستەبەندی کردنی خەلكو دەسەلاتو زەویو ئاوە بە پێی هەویەی قەومیو دینی. بۆیە ئاکامی مەنتقی ئەم رووداوە دەکاتە ئەوەی بەشیك لە نفوزی ناسیونالیزمی کورد بە وینەی تالەبانیو پەرۆی سەوزەوەو بە شیکی دیکەی بە ووینەی بارزانیو پەرۆی زەردەوە جەژنی بۆ بگیرن، لە کاتیکدا لە پانتایەکی گەورەتری عیراقدا جگە لە نفرەتو بیزاری لەم مەسەلەیە هیچی دیکە بەدی ناکریت. ئەمە خۆی فاکتۆریکی دیکەیە بۆ قولکردنەوەی کینەو نەفرەتی قەومیو کارەساتی گەورەتر. ئەمە دیاردەیەکی کاتیو بێ پایەیەو بەرهەمی راوەستانی ناسیونالیزمی کوردە لە پشتی پلاتفۆرمو کاندیدی ئیسلامی شیعە وەکو نمونەی کۆنەپەرستانەترین بەدیلی سیاسی سەر ساحەی عیراقی.

ئەم دەولەتە بەرهەمی جەنگو داگیرکاری ئەمریکاو مانەوەی هیزەکانیەتی لە عیراقدا، هیچ جۆرە نوینەرایەتیەکی خەلکی عیراق ناکاتو هیچ مەشروعیەتیکی نیە. بۆیە دەبێ لەگەل کردنەدەرەوەی هیزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیدا، هاوکات لەگەل هەلوەشانەوەی هەموو دامەزراوەو بریارەکانی ئاکامی داگیرکاریدا هەلبوەشیتەوە. کۆمەلگای عیراق وەکو کۆمەلگایەکی مودیرن پیویستی بە هاتنە سەرکاری دەولەتیکی سکولارو غەیرە قەومی هەیە کە لەسەر بناغەی دەخالەتی راستەوخۆی خەلك دامەزرابیت، حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بۆ کردنەدەرەوەی هیزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، هەروەها بۆ هەلوەشانەوەی هەموو دامەزراوە داسەپینراوە جۆراوجۆرەکانی ئاکامی ئەم داگیرکاریەو دەسکۆتاکردنی هیزە قەومی ئیسلامیەکانو فەراهەم کردنی هەلومەرجیك خەبات دەکات، کە لە سایەیدا خەلکی عیراق ئاگاهانەو ئازادانە بریار لەسەر سیستەمی حوکمرانی ئایندە بدەن. ئایندەیەکی درەخشان تەنها لە ریگای راوەستانی جەماوەری ملیونی خەلك لە پشتی ئەم بەدیلەوە مسۆگەر دەبیت.

*ریبوار ئەحمەد/ سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی*

***حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق/ 7ی نیسانی 2005***